ئەنبار ... هەواڵگری سەربازی دەستگیرکردنی باندێکی بازرگانی مادەی هەشبەر ڕادەگەیەنێت

ئەمڕۆ چوارشەممە، بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری سەربازی بەپێی حوکمەکانی ماددەی 28ی یاسای بەرنگاربوونەوەی ماددە هەشبەرەکان دەستگیرکردنی باندێکی بازرگانیکردن بە ماددەی هەشبەر لە پارێزگای ئەنبار ڕاگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: لە ئەپراسیۆنێکی پشوختدا بە پشتبەستن بە زانیاریی دروست لە بەشی هەواڵگری فیرقەی حەوت و بە بەشداریی هێزە ئەمنییەکانی ناوچەکە و دوای ڕاکێشانی یەکەك لە ئەندامانی باندەکە، بەسەیەکی توند دانرا، و لە ئەنجامدا ئەو باندەی کە پێکهاتبوو لە چوار ئەندام لە قەزای قائیم بەپێی حوکمەکانی ماددەی 28ی یاسای بەرنگاربوونەوەی ماددە هەشبەرەکان دەستگیرکران.

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەندامانی باندەکە بازرگانی و بازاڕگەریان بە ماددە هەشبەرەکان دەکرد لە ناوچە جیاوازەکانی پارێزگای ئەنبار، هەروەها چەکی سووك و ماددەی هەشبەر و مادەی قەدەغەکراویان پەبووە، و ڕونیشیکردەوە: دوای تەواوبوونی ڕەکارە یاساییە پەیوەستەکان ڕەوانەی دەسەڵاتی پەیوەندیدار کران.